# ڕۆڵی عوسمانی و ئێرانی لە ململانێ ناوخۆییەکانی میرانی بابان

**شوان شێخە قەرەنی[1] - هاوکار محی الدین جلیل[2]**

[1+2] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

میرنشینی بابان یەکێک بوە لە میرنشینە هەرە گرنگ و بەکارەکانی کورد و، خودان دیرۆک و ناوچەیەکی فراوانی فەرمانڕەوایی بەشێکی گرنگی کوردستان بوە و، ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژوی کورددا گێڕاوە، بەتایبەتی لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتە یەک لەدوایەکەکانی ئێران، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین چەندین ڕێگا و ئامرازی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی گیراوەنەتەبەر لە دژی میرنشینەکە، لەوانە بەگژیەکداکردنی ئەندامانی خانەوادەی دەسەڵاتداری بابان و، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی میرانی بابان بۆ مەبەست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ... هتد، دیارە سیاسەتی ئەو هێزە دەرەکییەکانە بە ئامانجی ئەوە بو کە ڕێگربن لەبەردەم گەشەی میرنشینەکە، بۆ ئەو مەبەستە ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ گەنگەشەکردنی، ڕۆڵی هەردو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە ململانێ ناوخۆییەکانی میرانی بابان.

**کلیلە وشەکان:** میرنشینی بابان، کاریگەری، ململانێ، عوسمانی، ئێران.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

**Received:** 05- September -2021

**Accepted:** 12-October-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

shwan.shekha@uor.edu.krd

hawkarjalil@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لە مێژوی نوێی کورددا، میرنشینی بابان بەیەکێک لە دیارترین و بەناوبانگترین دەستەڵاتە خۆجێییەکانی باشوری کوردستان دادەنرێت، هەر لەبەرئەوەش بو بە بەردەوامی لەلایەن بڕیاربەدەستانی ئێران و والییە یەک لەدوایەکەکانی بەغداد و خودی سوڵتانەکانی عوسمانیشەوە، بونەتە جێگای مەترسی و تێڕامان و، ئەمەش وای کردوە هەمیشە میرنشینی بابان ڕوبەڕوی پیلانگێڕی ئەو هێزە دەرەکییانە ببێتەوە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوە کار لەسەر دەرخستنی ئەو ڕێگا و ئامرازانە دەکات، کە لەلایەن عوسمانی و ئێرانیەکان بۆ دروستکردنی ململانێ لە نێو میرانی بابان گیراونەتەبەر، هەروەها هەوڵدەدات ئامانجی ئەو دو دەوڵەتە لەم سیاسەتە بەدیار بخات، سەرباری ئەمانەش هەوڵدەدات ئاستی سەرکەوتنی هەوڵەکانیان لە دژی میرنشینەکە گەنگەشە بکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:** هەڵوەستەکردن و توێژینەوە لەمەڕ ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە دروستکردن و برەودان بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی میرانی بابان گرنگییەکی زۆری هەیە نەک تەنها بۆ فراوانکردنی زانیاری مێژویمان، بەڵکو ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە ئاسۆی بیرکردنەوەی داهاتوی نەتەوەکەمان، چونکە ڕۆڵی نەرێنی ئەو دو دەوڵەتە هەر لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی میرنشینی بابان قەتیس نەبوە، بەڵکو ڕۆڵی گەورەیان لە ناکۆکی میرنشینەکانی تری کورد و، تەنانەت ململانێ ناوخۆییەکانی ناو حیزب و لایەنە کوردیەکان لە سەدەی بیستەم و دو دەیەی سەدەی بیست و یەک هەبوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەو توێژینەوە ئەوەیە کە سەرنجی خوێنەر بۆ ڕۆڵی ئەو دو هێزە دەرەکییە ڕابکێشرێ، هەروەها توێژینەوەکە ئامانجیەتی هەمو ئەو ڕێگا و ئامرازانە بخاتەڕو کە ئێران و عوسمانییەکان لەهەمبەر میرانی بابان بە کاریانهێناوە، بەمەبەست چاندنی تۆوی دژیەکی لە نێو ئەندامانیماڵباتی بابان.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەندین پرسیاری پەیوەست بە ڕۆڵی ئەم دو دەوڵەتە بداتەوە لە ململانێی نێوخۆی میرانی بابان، بۆ نمونە: ئایا ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لەو ناکۆکییانەدا چی بوە؟ ئەو ئامراز و ڕێگایانە کامە بون کە ئەم دو دەوڵەتە لەبەرانبەر ئەندامانی خانەوادەی بابان گرتبویانە بەر؟ ... هتد.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پەنابراوەتە بەر ئامراز و میتۆدە مێژوییە جیاوازەکان، بەتایبەتی میتۆدی شیکاری ڕوداوەکان، بۆ ئەوەی بە ئامانجە ڕەسەنەکانی توێژینەوەکە بگەین هەندێک جار ئامرازی بەراوردکاری و وەسفیش بەکارهێنراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دو تەوەرە و دەرئەنجام پێکهاتوە، بەم شێوەیە: لە تەوەرەی یەکەمدا: تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی والیەکانیان لە ئەیالەتی بەغداد، بەتایبەتی والیە مەملوکەکان، چونکە ماوەیەکی زۆر لە بەغداد فەرمانڕەوایەتیان کردوە و، سەردەمەکەیان هاوزەمان بوە لەگەڵ چڕبونەوەی ناکۆکی عوسمانییەکان لەگەڵ میرانی میرنشینی بابان و، ڕۆڵی گەورەیان لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

ناکۆکی نێو میرانی بابان گێڕاوە. هەروەها لە تەوەرەی دووەمدا: باس لە ڕۆڵ و کاریگەری دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین، لەماوەی دەسەڵاتداریەتییە جیاوازەکان، کە ئەوانیش هاوشانی عوسمانییەکان کاریگەری گەورەیان هەبوە لە چاندنی تۆوی دژیەکی و ململانێی ناوخۆیی نێو میرانی میرنشینەکە.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوە هەمەجۆر بەستراوە، بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی)، کە بەشێکیان ڕەسەنن و هاوچەرخی ڕوداوەکانی ئەو ماوەیەن کە توێژینەوەکەی لەبارەوە ئەنجامدراوە، گرنگترینیان ئەمانە: مەستورەی کوردستانی: مێژوی ئەردەڵان، ڕسول الكركوكلي: دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، عماد عبدالسلام ڕؤوف: دراسات وثائقية في الكرد وحضارتهم، ميرزا شكرالله سنندج: تحفه ناصرى در تاريخ و جغرافياى كردستان، ... هتد.

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی(ئەیالەتی بەغداد).

دوای ئەوەی عوسمانییەکان لە کۆتایی سەدەی سێزدەی زایینی، بە سەرکردایەتی عوسمانی کوڕی ئورتوغرول توانیان دەوڵەتێکی بەهێز لە ئەنادۆڵ دابمەزرێنن، هێندەی نەبرد دەستیانکرد بە فراوانخوازی بۆ ناوچەکانی دەوروبەریان و بون بە بەهێزترین دەسەڵاتی ناوچەکە. پاشان لە سەرەتای سەدەی شازدەوە ڕویانکردە ڕۆژهەڵات و، لە شەڕی چالدێراندا (١٥١٤) کۆتاییان بە باڵادەستی سەفەوییەکان هێنا، هەر لەو کاتەشەوە زۆربەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستیان، هاوزەمان بەشێکی گەورەی میرانی کورد بەگوێرەی ڕێکەوتنێکی نوسراو بونە شوێنکەوتەیان(کەریم: ٢٠١٩، ل٩).

هەر لە سەرەتاوە سوڵتانە عوسمانییەکان تێدەکۆشان ڕێگری بکەن لە دروستبونی هەر هێزێکی ناوخۆیی تۆکمە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیان، چونکە بەمەترسیان دەزانی لەسەر ئایندەی خۆیان، بۆیە هەوڵیان دەدا تۆوی دژیەکی و ململانێ لەنێو دەسەڵاتە خۆجێییەکان برەو پێبدەن، هەر ئەمەش وای کردبو ئەم دەسەڵاتە خۆجێیانە لەهەمبەر هەر هەوڵێکی جوداخوازی بە ئامانجی یەکگرتوی ناوخۆیان، ڕوبەڕو ئاڵنگاری دەرەکی ببنەوە، زۆربەی جار دەوڵەتی عوسمانی بە بەربڵاوی دەستی لە کاروباری ناوخۆیی میرنشینە کوردییەکان وەردەدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتە خۆجێییەکان لەبری هەنگاونان بە ئاراستەی دەرەوە، هەمیشە سەرقاڵ و گیرۆدەی پەرتەوازەی و خۆخۆری ناوخۆیی بن و، هەنگاوەکانیان تەنها لە بازنەیەکی تەسکی ناوچەیی دەرنەچێت(بڕوانە: هروتي: ٢٠٠٨، ص٩٤-٩٦).

بەشێوەیەکی گشتی عوسمانییەکان بۆ بەدیهێنانی سیاسەتەکەیان کۆمەڵێک ئامراز و شێوازیان پەیڕەو دەکرد، یەکێک لەو ڕێگایانە کە لەهەمبەر میرنشینە کوردییەکان بەکاریان دەهێنا سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە(فرق تسد) بو، ئەوەش بنەمایەکی سیاسی دێرینە، کە لەلاوازکردنی ڕکابەر و دوژمن بە وروژاندنی ناکۆکیی و هێنانە ئارای لێکترازان لە نێوانیاندا یان بە فێڵ و تەڵەکە لەڕێگەی بەش بەشکردنی هێزەکانیان و ڕێگرتن لە یەکگرتنیان، یاخود هاندانی لایەنێک لە دژی لایەنێکی تر خۆی دەبینێتەوە، ئەم بنەمایە لەلایەن زلهێزەکان پەیڕەوکراوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەمەبەستی سەپاندن و فراوانکردنی هەژمونی خۆیان بەسەر ناوچەکانی تر(بۆ زانیاری پتر بڕوانە: الكيالي واخرون:، ١٩٩٤، ص٣٨٨ـ٣٨٩).

بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی کە بۆ مەبەستی دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان دو میرنشین، یاخود لە نێوان ئەندامانی خانەوادەی یەک میرنشین بوە، یانیش بە ئامانجی دروستکردنی کەلێن بوە لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتی و خێڵەکیەکانی نێو دەسەڵاتە ناوچەییە کوردییەکە (هروتي: ٢٠٠٨، ص٩٦ـ٩٧). سەرئەنجامی ئەوەش سودوەرگرتنیان بو لە دروستکردنی هەستی دوژمنایەتی خۆبەخۆیی هۆز و میرایەتییەکان و بەگژیەکدا کردنیان و، لەهەر باردۆخێکدا مەبەستیان بوایە دەیانتوانی لە ڕێگەی تاکتیکەکانیانەوە پشتیوانی میران و سەرۆک هۆزەکان بەدەست بهێنن و، بەکاریانبهێن لە پێناوی بەدەست هێنانی مەرامەکانیان(بورکان: ٢٠٠٨، ل٤١٧). مێژونوس سەعد بەشیر ئەسکەندەر پێی وایە کە بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگ بو لەڕوی ڕامیارییەوە ڕیزەکانی کورد تێکبدەن، جا چ بەهۆی بەگژنانەوەی میرنشینێک بوبێ بەمیرنشینێکی تر، یاخود بەهۆی دەستەیەکی ناو بنەماڵە حوکمڕانەکان بوبێ دژی نەیارەکانیان، هەر لەسەرەتاوە سیاسەتی لێکترازانی شیرازەی کورد بەردی بناغەی سیاسەتی عوسمانیی بو لە کوردستاندا(ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ل٩٤). لەبارەی ئەو سیاسەتەوە کە عوسمانیەکان پەیڕەویان دەکرد، مێژونوس سەعدی عوسمان هەروتی دەنوسێت: "لەڕێگەی ئەم سیاسەتەوە هەندێ لەدەسەڵاتدارانی عوسمانی دەیانویست بونیادی سیاسی میرنشینەکان هەڵتەکێنن..."(هەروتی: ٢٠١٣، ل٦٧).

دەکرێ بگوترێ سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی عوسمانی ڕۆڵی گەورەی لە زۆربەی ململانێکاندا هەبوە. کە چەکێکی زۆر کاریگەر بوە بەدەستیانەوە و، بەئامانجی دانانی سنورێک بۆ خواستەکانی میرانی بابان و جوڵانەوە بەرهەڵستکاریەکانیان دژی دەوڵەتی عوسمانی(هروتي: ٢٠٠٨، ص٩٧). بۆ بەجێگەیاندنی سیاسەتەکەیان هەندێجار عوسمانییەکان شێوازی جیا لە شەڕی بەرەیان دەگرتە بەر، ئەوەتا لەم بارەیەوە مێژونوسێکی ئەو سەردەمە سەبارەت بەهەڵوێستی والی بەغدا لە بەرانبەر جوڵانەوەیکی بابان دەڵێ: "بەڕێگایەک بۆیان چو جیاواز لەڕێگەی بەیەکدادان لەجەنگدا، ئەویش بەوەی نامەی بۆ هەندێ لەکوڕانی میرانی کودستان[بابان] نوسی و بۆلای خۆی کێشی کردن بەپلەوپایە و نیشان"( الكركوكلي: دون تاريخ الطبع، ص١٧٥). بێگومان ئەو ڕێگایەش بۆ ئەوە بو تاکو بەکاریان بهێنێ دژی میری جوڵانەوەکە و، هەروەها درز خستنە ناو خانەوادەی دەسەڵاتداریەتی بابان.

بەئامانجی لێکترازاندنی پەیوەندی نێوان میرەکانی بابان و دروستکردنی ناکۆکی لە نێوانیان، سوڵتان سلێمانی قانونی(١٥٢٠ـ١٥٦٦) بڕیاریدا دو میری ڕکابەر کە خۆیان دەبینەوە لە(میر بۆداق کوڕی حاجی شێخ و میر حوسێنی کوڕی میر سلێمان)، هەردوکیانی لە یەک کاتدا دیاریکرد بە سەرداری بەشێکی میرنشینەکە و، ئەنجامی ئەو سیاسەتەش بوە هۆی کوژرانی (میر حوسێن و براکەی) بە دەستی(میر بوداق)(حوزنی: ٢٠٠٧، ل٤١١ـ٤١٣؛ زەکی: ١٩٣٩، ل٢٨ـ٢٩). بێگومان ئەم بڕیارە چاوەڕوانکراو بو، چونکە ئەم دو میرە ناکۆک و ڕکابەری یەکتربون و لەگەڵ یەکتردا هەڵیان نەدەکرد، ئەنجامەکەش بو بەهۆی شەڕ و تیاچونی یەکێک لە میرەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەوردبونەوە و تێڕامانمان بۆ مێژوی میرنشینەکە دەبینین ئەم دیاردەیە لە سەردەمە جیاجیاکانی ماوەی دەسەڵاتداری میرنشینی بابان چەندبارە بۆتەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نمونەیێکی تری ئەم سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی عوسمانییەکان بخەینەڕو، کە لەبەرانبەر میرەکانی بابان گرتویانەتە بەر، بۆ ئەوەی ڕیزەکانی میرانی بابان تێکبدەن و بیانکەن بەگژ یەکتریدا، لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی عومەر پاشا والی بەغداد(١٧٦٤ـ١٧٧٦)دا لەڕوداوێکی گوماناوی سلێمان پاشای بابان(١٧٤٧ـ١٧٦٥) لە ماڵەکەی خۆیدا لە قەڵاچوالان دەکوژرێت، دوایی ئەم ڕوداوە بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت بۆیە والی ناوبراو میرنشینەکە بەسەردو بەش دابەش دەکات و، بۆ ئەم مەبەستە هەریەکە لە محەمەد پاشا لە قەڵاچوالان و ئەحمەد پاشای کوڕی خانە بەگی بابان لە کۆیە وەکو دەسەڵاتدار دەستنیشانیان دەکات، لە ئەنجامی ئەو بڕیارەیەدا ناکۆکێکی گەورە لە نێوان ئەم دو میرە سەری هەڵدەدا(ڕۆوف: ٢٠١٢، ص١٥٢).

لە درێژەی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەئامانجی دەست خستنە نێو کاروباری میرنشینی بابان لە ڕێگەی والیەکانی بەغداد و، بەردەوام بون لەسەر سیاسەتی ڕق وکینە و چاندنی تۆوی ململانێ و دژیەکی لەناو میرانی میرنشینەکە، دەبینین والی بەغدا سلێمان پاشای گەورە(١٧٨٠ـ١٨٠٢) لە کۆششەکانی نەوەستا بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتە دی، لەڕێگەی ئیبراهیم پاشای بابان(١٧٨١ـ١٨٠٢) دژ بە مەحمود پاشای مامی(١٧٧٨ـ١٧٨٢) کە ئەوکاتە دەسەڵاتداری میرنشینەکە بو، والی ناوبراو لە هەوڵەکانیدا توانی سەرکەوتوبێت و درزی خستە ناو میرەکان و، جارێکی تر میرنشینەکە لەتکرایەوە و بو بە دو بەش، بەشێوەیێک مەحمود پاشا لە قەڵاچوالان و ئیبراهیم پاشای برازای وەکو فەرمانڕەوایی کۆیە(کۆیسنجەق) و هەریر دامەزرا(بەگ: ٢٠١٣، ل١٤١ـ١٤٧). والی بەم سیاسەتەی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان ئەم دو میرەدا گۆڕی بۆ ناکۆکی و دوژمنایەتی.

والییەکانی بەغداد بەردەوام بون لە بەجێگەیاندنی سیاسەتەکەیان، ئەمجارەیان بە پاساوی نەخۆشی و ناجێگیری باری تەندروستی(عەبدولرەحمان پاشای بابان)یان لە ساڵی(١٧٩٧) دورخستەوە، بەم جۆرە جارێکی تر میرنشینی بابان دابەشکاری بەخۆیەوە بینیەوە و، بە شێوەیێک میرنشینەکە لە نێوان ئیبراهیم پاشای ئامۆزای و سەلیم بەگی برای عەبدولرەحمان پاشادا دابەشکراو و، یەکەمیان لە سلێمانی و دوەمیان لە کۆیە و هەریر دەستبەکاربون و، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەدا دەست و پێوەندەکانی عەبدولرەحمان پاشا لە سلێمانیەوە ڕوە و کۆیە کۆچیان کرد(الکرکوکلي: دون تاریخ الطبع، ص٢٠٣؛ ئەمین: ١٩٩٨، ل١١٣). شیاوی ئاماژەبۆکردنە، هەر لە سەردەمی عەبدولرەحمان پاشای باباندا، سێ جاری تر میرنشینەکە لەلایەن دەسەڵاتداریەتی عوسمانییەکان لەبەغداد بۆ دو بەش دابەشکراوە، پاشای ناوبراو دورخراوەتەوە و، هەرسێ جارەکە دو ئەندامی تری ماڵباتەکەی شوێنیان گرتۆتەوە و، هەریەکە لە خالید پاشا لە سلێمانی و سلێمان پاشاش لە کۆیە و هەریر دەستبەکاربون(محەمەد ئەمین زەکی: ١٩٣٩، ل٧٣، ٨٧، ٨٩). لەم ماوەیەدا چەندین ڕوداوی گرنگ ڕویانداوە، لەوانە شەڕی یەکەم و دوەمی دەربەندی بازیان و شەڕی کفری، لە ئەنجامدا تێداچونی هێزێکی گەورەی مرۆی بابانی لێکەوتۆتەوە، هەروەها کاریگەری گەورەی لەسەر هەمو سێکتەرەکانی تری ژیانی میرنشینەکە لەڕوی سیاسی،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

ئابوری و کۆمەڵایەتی جێهێشتوە، لەبەرئەوە دەبینین ئەنجامی ئەو ڕوداوانە لە یەک کاتدا بکوژ و کوژراوەکان زۆربەیان کەسی یەکتربون، هاوولاتیانی سڤیلی سنوری قەڵەمڕەوی میرنشینەکە، پشکی گەورەی قوربانیەکانیان بەرکەوتوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زەکی: ١٩٣٩، ل٧٢، ٧٦، ٨٧؛ سنندجی(فخرالکتاب): ١٣٧٥، ص١٨٧ـ١٩٣، ٢٠٣ـ٢٠٤؛ عەبدوڵڵا: ٢٠٢١، ل١٤١ـ١٤٤؛ ئەمین: ٢٠١٥، ل٢٢٤).

هەروەها سەردەمی دەسەڵاتی مەحمود پاشای دوەمیش(١٨١٣ـ١٨٤١) هەروەکو سەردەمی عەبدولرەحمان پاشا باوکی بێبەش نەبوە لەم سیاسەت و پلانگێڕیەی کە عوسمانییەکان لەبەرانبەریان گرتوّتەبەر، بۆ ئەم مەبەستە والی بەغداد داود پاشا(١٨١٧ـ١٨٣١) دنەی حەسەن پاشای برای مەحمود پاشای دا و بەلای خۆیدا کێشیکردو و، جارێکی تر میرنشینی بابان لە نێوان هەردو برا لە ساڵی(١٨١٧)دابەشکرایەوە، بەجۆرێک مەحمود پاشا لە سلێمانی و، حەسەن پاشاش بو بە فەرمانڕەوای کۆیە و هەریر(الکرکوکلي: دون تاریخ الطبع، ص٢٨٢ـ٢٨٣؛ زەکی: ١٩٣٩، ل٩٦؛ عبدالله: ٢٠١٤، ص٣٧٧؛ باقی: ٢٠٠٢، ل٧٨). ئەوە لە کاتێکدا بو کەوا ماوەیەک بەر لەم ڕوداوە نوێنەرێکی مەحمود پاشا لە بەغداد دەبێت و، داود پاشا بە نێردەکەی میری بابان دەڵێت: "سوێند بەخوا و بەسەری یوسفی کوڕم، مەحمود پاشا وەک یوسفی کوڕم سەیر دەکەم و ئەوەندەی جگەرگۆشەیەکی خۆم، خۆشم دەوێ و پڕ بەدڵ حەز بەچاکەی دەکەم"( ڕیچ: ٢٠١٢، ل١٤٠). کەچی لە ژێرەوە لە هەوڵی هەڵگێڕانەوەی براکەیدا بوە، بۆ ئەوەی ناکۆکی و ململانێ بخاتە نێوانیانەوە و، بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریبهێنێت، ئەم ڕوداوە کە گەڕیدەیەکی وەکو ڕیچ بەچاوی خۆی بینیویەتی و ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوە یەکێک بوە لە چەندان ڕوداوی تری هاوشێوە و، پێی وایە ئەم کردەوانە لە داود پاشا و هەمو سەرکردە تورکەکانی تریش دەوشێتەوە، کە ناوبراو ناسیاوەتی لەگەڵیاندا هەبوە(ڕیچ: ٢٠١٢، ل١٣٩ـ١٤٠). بەخوێندنەوە بۆ دۆخی میرنشینەکە و سیاسەتی والیەکان لەبەرامبەر میرەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕیچ شیکارییێکی ڕاستگۆیانەی دۆخەکەی کردوە، هەرچەندە ڕیچ لەو کاتەدا لەگەڵ داود پاشای والی پەیوەندییەکەیان لە لوتکەی گرژی و ناکۆکیی دابوە.

هەر لەبارەی ئەم سیاسەتەی عوسمانییەکان دەرهەق بە میرە کوردەکان بەگشتی و میرانی بابان بەتایبەتی گرتویانەتەبەر، مێژونوس محەمەد ئەمین زەکی(١٨٨٠ـ١٩٤٨) پێی وایە مامەڵەکردنی دەوڵەتی عوسمانی جێگەی پەند وەرگرتنە، دامەزراندنی دو ڕکابەر و دوژمن یەک لەدوای یەک بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینی بابان، جگە لە بەگژیەکدا کردن و بە شەڕدانیان و وێرانکردنی دەڤەرەکە هیچ شیکردنەوەیەکی تر هەڵناگرێ( زەکی: ١٩٣٩ ، ل٢٩).

لەلایەکی ترەوە، لە دیاردێکی دەگمەندا کە لەمێژوی میرنشینە کوردییەکانی تری سەردەمی نوێ وێنەی نەبوە و، ئەویش ئەوەیە لەدرێژەی هەوڵە بەردەوامەکانی عوسمانییەکان بۆ بەجێگەیاندنی سیاسەتەکەیان، دانانی سێ میری خانەوادەی بابان بوە بەسەر میرنشینەکە لە یەک کاتدا، بەشێوەیەک مەحمود پاشای دوەم لە سلێمانی و، سلێمان پاشای کوڕی ابراهیم پاشا لە کۆیە و هەریر، هەروەها خالید پاشاش لە هەولێر، هەریەکەی بەجیا فەرمانی دەستبەکاربونیان بۆ دەرچوە(زەکی: ١٩٣٩، ل٩٢؛ بەگ: ، ٢٠١٨، ل٩٥ـ٩٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

یەکێکی تر لەو ئامرازانەی عوسمانییەکان لەبەرامبەر میرەکانی بابان بەکاریاندەهێنا، دیاردەی گلدانەوەی کەسێک یاخود چەند کەسێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوا بوە بەشێوەی بارمتە یاخود پەنابەر لەلای خۆیان، جا ئەوە بەشێوەی ئارەزومەندانە یان بەزۆری بوە، بۆ ئەوەی هەرکاتێک مەبەستیان بوبێ وەکو کارتی فشار لەبەرامبەر میری دەسەڵاتدار بەکاریاندەهێنا، ئەوەش وای کردبو ناجێگیری و نائارامی لەناوچەکەدا دروست بێت و، هەمیشەماڵباتی فەرمانڕەوایانی بابان لەناوخۆیاندا ناتەبا و لە ململانێدابن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی قوڵی لەسەر بارودۆخی میرنشینەکە جێدەهێشت. هەر لەم بارەیەوە خاوەنی کتێبی (مێژوی جەودەت) باس لەوە دەکات، کە ئەوانەی لە خانەدانی بابان خوازیاری فەرمانڕەوایی میرنشینەکە بون بۆ پاڵپشتی و لایەنگیری لە بەغداد نیشتەجێبون و، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە هەمیشە میوانخانەیەکی تایبەت بەم خانەوادەیە لە بەغداد هەبوە(باشا: ١٣٠٨هجریة، ص٣٨٣ـ٣٨٤).

یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی والیەکانی بەغداد بۆ دروستکردنی ململانێی نێوان میرەکان بریتیبو لە بارمەتی میرە بێ هێزەکانی بابان دژی بەهێز و دەست ڕۆیشتوەکان، تاکو دەیانتوانی ئەو دەست ڕۆیشتوانەش لەناوبەرن، دوایی ئەمانە بێهێزەکانیشیان ملکەچ دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرکەوتنەکانیان بگرن و، دژی یەکتر بەکاریان بهێنن(نورس: ٢٠١٧، ل٢٠١). لەهەمان کاتدا والیەکانی عوسمانی هەستیان بەمەترسی دەکرد کاتێک فەرمانڕەوایەکی بابان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵات دەمایەوە، ئەمەش وای کردبو کە زوزو لایان بدەن و، خزمە هەرە نزیکەکانی ئەو دەسەڵاتدارانەیان وەکو بارمتە لەلابێت(جەلیل: ١٩٨٧، ل٩١). بۆ ئەوەی لەکاتی دورخستنەوەی میری فەرمانڕەوا وەک جێگرەوە دابنرێن لە دەسەڵات لە شوێنی میری لادراودا.

ئەوەی پەیوەستە بەم ئامرازەوە، هەر لەسەردەمی سلێمان پاشا(سلێمان بەبە)وە (١٦٧٠ـ١٧٠٣)، ناوبراو دو کوڕی وەکو بارمتە لە بەغداد دەبێت، ئەمەش لە بەڵگەنامەیێکی عوسمانی بەرچاودەکەوێت کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(١٦٩٩ـ١٧٠٢)، کاتێک ئاڵوگۆڕ لەنێوان دو والی دەکرێت و، بۆ ئەم مەبەست سوڵتانی عوسمانی فەرمانێک دەردەکات بۆ والی نوێ و پێیڕادەگەیەنێت کە دو کوڕەکەی سلێمان بەبە لای والی پێشون و داوایان بکاتەوە و، لە قەڵای بەغداد بەندیان بکات و بیانخاتە زیندانەوە و، لەهەمان کاتدا (ئەستەنبوڵ)یشی لێ ئاگاداربکاتەوە(ڕؤوف: ٢٠١٢، ص١٣٣). هەرچەندە تاکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ترمان بەردەست نییە کە باس لە ڕۆڵی ئەم دو کوڕەی سلێمان پاشا بکات لە ناکۆکییەکانی ناو خانەوادەی بابان، تەنها ئەوەی هەیە لە بارەیانەوە ئەو بەڵگەنامەیەی سەرەوەیە کە ئاماژەمان بۆ کردوە، بەڵام دەکرێ وەکو کارتی فشار بۆ جڵەوگیری (سلێمان)ی باوکیان لەلایەن عوسمانییەکان بەکارهاتبن. چونکە سوڵتانی عوسمانی ڕقێکی زۆری لە سلێمان بەبە بوە، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی دەردەکەوێت کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٦٩٨)، کە سولتان فەرمانی بە والی بەغداد کردوە و هەڕەشەیێکی توندی لێکردوە و، پێی ڕاگەیاندوە ئەگەر نەتوانێت کۆنتڕۆڵی سلێمان بەبە بکات و سزای نەدات، ئەوا حوکمەکەی لە سێدارەدان دەبێت، هەر لە فرمانەکەدا هاتوە "بۆ ئەوە کراوە بەوالی بەغدا کە کۆنتڕۆڵی شەقاوەچی ناوبراو بەبە سلێمان بکات ... دیارە سوڵتان[مستەفای دوەم/ ١٦٩٤ـ١٧٠٣]


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

سوێندی بەسەری سوڵتانە مەزنەکانی باوک و باپیرانی خواردوە بۆ والی بەغدا ئەگەر نەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، خۆی ڕوبەڕوی تورەیی سوڵتان دەکاتەوە و کوشتن سزای دەبێت و ڕزگاری نابێت"دەبێ ئەوە بگوترێ کە سوێند خواردنی لەم جۆرە لە نوسینەکانی سوڵتاندا نەهاتوە مەگەر کارێکی لەم جۆرەی مەترسیدار نەبوبێت(ڕؤوف: ٢٠١٢، ص١٢٩ـ١٣٠).

دوای ئەوەش هەوڵی والیەکان بۆ لادان و دانانی میرەکانی بابان درێژەی کێشا و، باشترین ڕێگا بەدەستیانەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکەیان میرانی پەنابەر و بارمتە بو کە لە بەغداد نیشتەجێکرابون، بۆ نمونە سەردەمی ئیبراهیم پاشا و عەبدولرەحمان پاشا چەندین جار ئەم دو میرە لەکارخراون و خراونەتە سەر دەسەڵات بە نۆرە(بۆ زانیاری زێدەتر بڕوانە: الكركوكلي: دون تاريخ الطبع، ص١٩٢ـ١٩٣، ٢١٨ـ٢٢١؛ زەکی: ١٩٣٩، ل٦٧ـ٧٠؛ ئەمین: ١٩٩٨، ل١٠٥ـ١١٥)، دوای کۆچی دوایی ئیبراهیم پاشاش ئەم دیاردەیە بەردەوام بو، هەر لە سەردەمی عەبدولرەحمان پاشا گەڕێکیتری ناکۆکیی دەستپێکرد لەگەڵ خالید پاشای ئامۆزای، کە بۆ چەند خولێکیش بە نۆرە فەرمانڕاوایی میرنشینەکەیان بەدەستەوە گرتوە(بڕوانە: بابانی: ١٣٩٣هەتاوی، ل١٥٦ـ١٥٨؛ ئەمین، ١٩٩٨، ل١١٦ـ١٢٢؛ بەگ: ٢٠١٨، ل٨٣ـ٨٨)، ئەمەش وای کردبو دانیشتوانی میرنشینی بابان بەدەست ئەم ئاڵوگۆڕانە تەواو گرفتاربن، دواتر گەڕێکیتریش لەلادان و دانان لەسەردەمی مەحمود پاشای کوڕی عەبدولرەحمان پاشا دەستی پێکردەوە و، والی بەغداد ئەم جارەیان عەبدوڵڵای مامی و حەسەنی برای لە دژی مەحمود پاشا بەکارهێنا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەگ: ٢٠١٣، ل٣٣٣ـ٣٣٩؛ عبدالله: ٢٠١٤، ص٣٧٧ـ٣٨٠؛ نورس: ٢٠١٧، ل١٥٦ـ١٦٠)، کە ئەمەش چەندین ڕوداوی کارەسات ئامێز بەدواوە بو، جارێکی تر هەر لەسەردەمی محمود پاشا دو ئەندامی تری خانەوادەکەی لەدژی بەکارهات، ئەوانیش هەریەکە لە سلێمان پاشای برای و ئەحمەد پاشای برازای بون(بۆ زانیاری پتر بڕوانە: خدر: ٢٠١٣، ل٢١٤ـ٢٢٣؛ نورس: ٢٠١٧، ل١٥٨ـ١٦١)، کۆتا هەوڵی عوسمانییەکانیش لەم ڕێگەیەوە چاندنی تۆوی دوژمنایەتی و ناکۆکیی بو لە نێوان هەردو برا(ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشا)دا(بڕوانە: محەمەد: ٢٠١٨، ل١٨٦؛ عەبدولقادر: ٢٠٠١، ل١٤٨ـ١٤٩). کە ئەمەش چەکێکی زۆر کاریگەربو بەدەست عوسمانییەکان و، لەهەمانکاتدا ڕێگربو لەبەردەم گەشە و یەکێتی میرانیماڵباتی بابان، کە دواجار بەشێوەیەکی لە سەرەخۆ میرنشینەکە لە هەناویدا ڕوەو داڕزین و لەناوچون دەچو و ئەنجامەکەشی ئاوابونی خۆری میرنشینەکە بو.

وەک ئاشکرایە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای میرنشینی بابان هۆکارێکی تری پشت ململانێکانی میرانی بابان بوە و، کە ئەمەش زۆرجار دەبوە مایەی پاڵەپەستۆ، ماڵوێرانی، ئاژاوەنانەوە و پیلانگێڕی زۆر بۆ دانیشتوانی سنوری قەڵەمڕەوی میرنشینەکە، هەر ئەمەش وای کردبو بەدرێژای ماوەی دەسەڵاتی میرنشینی بابان لەلایەن هێزە ڕکابەرەکانی دەوروبەری میرنشینەکە هەمیشە میرەکانیان بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکاربهێنن و، بەویستی خۆیان لادان و گۆڕانکاریان لە فەرمانڕەوایانی میرنشینەکەدا کردوە. لە هەمان کاتدا ناکۆکییەکانی سنوری نێوان عوسمانی و ئێران و هەڵکەوتەی ناوچەکانی بابان و بایەخە ئابوریەکەی، میرنشینەکەی گیرۆدەی ئەو دۆخە ناجێگیرە کرد بو، کە بەردەوام مەترسی دەستخستنە ناوکاروباری ناوخۆی هەبو، ئەوەش خەسڵەتێکی بە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

دەسەڵاتداریەتەکە بەخشیبو کە لەگەڵ هیچ میرنشینێکی تری کوردستان بەراورد ناکرێت(ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ل١٣٣؛ حسن: ٢٠١٣، ل٨٢٥).

بە بڕوای نەوشیروان مستەفا(١٩٤٤ـ٢٠١٧) هەڵکەوتەی جوگرافی میرنشینی بابان هۆکارێک بوە بۆ دەستوەردانی زیاتری کاروباری میرنشینەکە لەلایەن (ئێران و عوسمانی)یەکانەوە، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوە بەسەر ناکۆکییە ناوخۆییەکانی میرنشینەکە و، لەم ڕووەوە بەراورد ناکرێت بە میرنشینە کوردییەکانی تر، هۆکارەکەشی بۆ گرنگی شوێنی جوگرافی میرنشینەکە دەگێڕێتەوە، کە کەوتبوە سەر ڕێگای شارە پیرۆز و گەورەکانی عێراقی ئەو سەردەمە لەلایەک و، لەلایەکی ترەوە بونی ناکۆکی ناوخۆیی و پەرتەوازەی لە نێو میرانی باباندا، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بو بۆ دەستوەردانی دەرەکی، هەروەها سەرانی میرنشینەکە نەیانتوانی خۆیان لە بەرانبەر هێرش و پەلاماری ئەو دو دەوڵەتە ڕابگرن کە لە سنوری خۆرهەڵات و خۆرئاوای میرنشینەکە، بە بەردەوامی دەکرایە سەریان، لەهەمانکاتدا میرانی بابان نەیانتوانی سودوەربگرن لەو ناکۆکی و ململانێیە درێژخایەنەی نێوان ئەم دو هێزە ڕکابەرە و بۆ کەڵکی میرنشینەکە بەکاریبهێنن(ئەمین: ١٩٩٨، ل٤١). ئەوەش وای کردبو دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆیی میرنشینەکە ساناتر بێت، لەلایەن هێزە دژیەکەکانی ناوچەکە.

لەبەر هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافی میرنشینەکە هەمیشە شوێنەکەی وەکو شانۆی جەنگ لێهاتبو، کە ئەمەش بارودۆخێکی ترسناک و تراژیدی بۆ ناوچەکە دروستکردبو، وەکو ئاشکرایە مافی سەرپەرشتیکردن و دامەزراندنی میرانی بابان بۆ میرنشینەکە دەگەڕایەوە بۆ والی بەغداد، ئەوەش وای کردبو والیەکانی بەغداد هەمیشە ڕەزامەندیان بۆ ئەو میرە دەردەبڕی کە لەگەڵ سیاسەتەکەیان بێتەوە و، پشگیری و یارمەتی خواستەکانی بەغداد بکەن، بەتایبەتی ئەو سەردەمە ئەیالەتی بەغداد ڕوبەڕوی چەندین مەترسی ناوخۆیی ببوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بەهێز و پێگەی بابانەکان بو، بۆ ئەوەی بیانخەنە خزمەت خواستەکانی خۆیان و، زۆرجاریش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی میرنشینەکە دەستیان دەخستە ناوکاروباری میرەکان و ئەوەش سەری دەکێشا بۆ دروست بونی شەڕ و ئاشوب لەناو ماڵباتی فەرمانڕەوایانی بابان(محەمەد: ٢٠٠٨، ل٦٢ـ٦٨).

سەرباری ئەمانەش یەکێکی تر لەو سیاسەتانە عوسمانییەکان لە کوردستان پەیڕەویان دەکرد، دانان و لابردنی میرەکانی بو لەسەر بنەمای پێدانی بەرتیل و دیاری زیاتر، هەر ئەمەش وای کردوە کە گەڕیدەی ئەڵمانی (نیبورـ Niebuhr)(١٧٦٥ـ١٧٦٦) لەم بارەیەوە بڵێت: "پاشا لەبەغداد هەمیشە کەسێکی لە بنەماڵەی بابان دیاری دەکرد، کە زۆرترین پارەی پێبدات"(نیبور: ٢٠١٣، ل١٠٤؛ هروتي: ٢٠٠٨ ،ص١٠٦). هەروەها نوسەرێکی تر ڕونی دەکاتەوە لە دید و گۆشەنیگای والی بەغداد میرنشینی بابان سەرچاوەی پێویستیە خۆراکی و هێزی سەربازی بوە و، لەم ڕووەش دۆخی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکە ناهەموار بو(العزاوي: ٢٠٠٠، ص١٩٤؛ هروتي: ٢٠٠٨ ،ص١٠٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەم شێوەیە ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین لەم ڕووەوە دەوڵەتی عوسمانی و والییەکانی بەغداد، پشکی شێریان لە هۆکاری ناکۆکی ناوخۆی میرانی میرنشینی بابان بەردەکەوێت. بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەمان دەکرێت باس لە گفتوگۆی نێوان ڕیچ و عوسمان پاشای برای مەحمود پاشای فەرمانڕەوای میرنشینەکە بکەین، لەم بارەیەوە ڕیچ لەسەر زاری عوسمان پاشا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "وڵاتەکەمان[میرنشینی بابان] لەبارێکی زۆر ناهەموار دایە، چونکە ئەگەر خزمەتی تورک دەکەیت، بەسوک سەیرت دەکەن و هەرکاتێ ئارەزویان کرد، لەسەر کار لاتدەبەن"( ڕیچ: ٢٠١٢، ل١١٤). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکاتێک میرێکی بابان بەخواستی عوسمانییەکان نەجوڵابایەوە دەکەوتە بەر ڕق و قینی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ڕوبەڕوی لادان و دورخستنەوە دەبوەوە، ئەمەش لەهەمو قۆناغەکانی ماوەی فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکە بەرچاودەکەوێت، شیاوی ئاماژەیە زۆربەی جار میرەکانی بابانیان وەکو مەقاش بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانیان بەکاردەهێنا.

## تەوەری دوەم: ڕۆڵی دەوڵەتی ئێران(ئەفشار، زەند و قاجار).

بنەماڵە یەک لەدوایەکەکانی ئێران کە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست هەمان سیاسەت و ئامراز و ڕێگاکانی دەوڵەتی عوسمانییەکانییان بەکارهێناوە، بۆ دەستەمۆکردن و چاندنی تۆوی ناکۆکیی و ململانێ لە ناوخۆیی میرنشینی بابان. لەم بارەیەوە توێژەرێکی بواری مێژو پێیوایە شاکانی ئێران شارەزابون لە فرت و فێڵ و تەفرەدانی کورد، هەروەها تیشک دەخاتە سەر چەند بارەبونەوەی ئەم دیاردانە و دەیانگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێرانییەکان نەیانتوانیوە لەڕێگەی چالاکی سەربازیەوە میرانی کورد بهێننە ژێر هەژمونی خۆیان، بۆیە بیریان لە چارەسەری تر کردۆتەوە ئەویش دوبەرەکی نانەوە بوە لە نێوان ئەندامانی خێزانی میرنشینەکان، بۆ ئەوەی جێگا و پێگەی خۆیان بکەنەوە(محمود: ٢٠١٥، ل٢٧).

ئامانجی ئێران لەم سیاسەتە ئەوە بو میرنشینەکان وەکو کارتی فشار لەدژی دەوڵەتی عوسمان بەکاربهێنێ، هەروەها ئارەزوییان دەکرد هەر میرێک لە ناوچەیێک دەسەڵاتداربێت و، بتوانن بەئاسانی کاری تێبکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن، لەهەموی گرنگتر ئێران مەبەستی بو ئامانجەکانی بەدی بهێنێ، لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکرد، کە ئەویش لاوازکردنی میرنشینە کوردییەکان بو و، لە هەمان کاتدا دەستی لە کاروباری ناوخۆیی ئەو میرنشینانە وەردەدا کە شوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسمانی بون، جگە لەوانەش بۆ دەسکەوتی ئابوری و لایەنی سەربازی هەمیشە ئامانجیان بو میرنشینی بابان لەژێر هەژمون و دەسەڵاتی خۆیاندا بێت و، لەهەمانکاتدا ئەو دەسەڵاتە ناوچەییە نەبێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر سنوری خۆرئاوایی دەوڵەتەکەیان و، ڕێگربن لە بەرانبەر هەر هەوڵێکی بنەماڵەی دەسەڵاتداری میرنشینەکە، بە ئامانجی ئەوەی بیر لە یەکێتی سیاسی نەکەنەوە و هەمیشە لە تەنگژە و ململانێی ناوخۆیدابن(بڕوانە: هروتي: ٢٠٠٨، ل١٥٢ـ١٥٣، ١٥٦ـ١٥٨؛ عەبدوڵڵا: ٢٠٢١، ل١٦٠ـ١٦١، ١٩١ـ١٩٢؛ محەمەد: ٢٠٠٨، ل٦٢ـ٦٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەپێی سەرچاوەکانی بەردەستمان، سەرەتای دەستوەردانی ئێران بۆ نانەوەی دوبەرکی و ململانێ لەناوخۆیی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی نادر شای ئەفشار[1](١٧٣٦ـ١٧٤٧) کە لەڕێگەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەوە توانی سەلیم پاشا(١٧٤٣ـ١٧٥١) لەدژی خالید پاشای ئامۆزای بەکاربهێنێ و، بەمەش سەلیم پاشا لە ڕێگەی شای ناوبراو دەسەڵاتی میرنشینەکەی وەرگرت و خالید پاشا دورخرایەوە لە دەسەڵات(کەریم: ٢٠١٤، ل١٩٤؛ محەمەد: ٢٠١٨ ، ل١٤٣ـ١٤٤). لەم بارەیەوە مێژونوس صالح قەفتان(١٨٨٥ـ١٩٦٨) دەنوسێت: "خاکی بابان لەمەولا بوەتە سەرەڕێی سوپای نادر شا هەمیشە بەڕێوە بوە بۆ سەر خاکی عوسمانی، هەندێک بەگزادەی بەبە[بابان] هەبون لەو کاتەدا بوبونە دەستەو دائیرەی نادرشا، سەلیم پاشای کوڕی بەکر بەگ سەرکردەی ئەم دەستە بوەو لە قەڵاچۆلانا جێگیرببو، لەمەوە کۆمەڵ گیری کردنی[لایەنگیری] ئێرانییەکان لەناو بەگزادەی باباندا پەیدابوە"(قەفتان: ١٩٦٩، ل٣٠٩). لەم سەردەمە بەدواوە هەژمونی ئێران بەتەواوی بەسەر میرنشینی بابان بەدی دەکرێ، هەرچەندە میرەکان بەفەرمانی والی بەغداد(عوسمانی) دیاریدەکران، بەڵام دەبوایە لە زۆربەی کاتەکاندا ڕەزامەندی ئێران لەسەر کەسەکە بێت، ئەمەش وای کردبو بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەستەڵاتی میرنشینی بابان هەمیشە هۆکاری ململانێ و ناکۆکی نێوان "ڕۆم و عەجەم" بێت(صوفی و پور: پاییز و زمستان١٣٩٢، ص٢٧). بەم هۆیەشەوە چەندین شەڕی گەورە لە ناوچەکە لەسەر زەمینی میرنشینەکە ڕویداوە، کە زەرەرمەندی یەکەم دانیشتوانی کورد و،ماڵباتی دەسەڵاتداری بابان لە نێو بەرداشی ئەم دو هێزە ڕکابەرە بون بە قوربانی.

هەروەها زەندیەکانیش[2](١٧٥٠ـ١٧٧٩) لەسەردەمی کەریم خان[3] هەمان سیاسەتیان دژی میرنشینی بابان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز و فشارەکانیان بۆ سەر میرنشینەکە پەیڕەوکردوە، لە بەرچاوترین دەستوەردانیان بۆ ئەم مەبەستە ئەوە بو، جارێک پشتیوانیان لە محەمەد پاشا(١٧٦٥ـ١٧٧٨) لەدژی براکەی ئەحمەد پاشا(١٧٦٢ـ١٧٧٨) کرد، دەسەڵاتی میرنشینەکەیان بۆ فەراهەم کرد و، جارێکی تر بەپێچەوانەوە محەمەد پاشایان دورخستەوەو کۆمەکی ئەحمەد پاشایان کرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میرنشینەکە بەدەست بهێنێت و، لەکۆتایدا بڕیاری دامەزراندنی محەمەد پاشایاندا و ئەحمەد پاشایان دورخستەوە( کوردستانی: ٢٠٠٢، ل١٥٠ـ١٥١، ١٦٣ـ١٦٥). بەم شێوەیە ململانێی نێوان میرەکانی بابان درێژەی دەکێشا و بەردەوام بو.

ئەوەی پەیوەستیشە بە ڕۆڵی قاجاریەکان[4](١٧٩٦ـ١٩٢٥) لە ململانێی ناوخۆیی میرنشینی بابان ئەوەیە هەژمون و هەیمەنەی دەسەڵاتیان زیاتر بەدی دەکرێت بەسەر میرنشینەکە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی دانان و لادانی میرەکان، هەر لە سەردەمی عەبدولرەحمان پاشای بابان تاکو کۆتایی میرنشینەکە، ئەم دیاردەیە بەزەقی بەرچاودەکەوێت، جا لە ڕێگەی کردەی سەربازیەوە بێت یاخود هەر ڕێگای تری هاوشێوە، لەبەرئەوە مەبەستیان بو کە میرەکانی بابان وەکو کارتێکی بەهێز لەبەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی بەکاربهێنن، بە ئامانجی ئەوەی ڕێگربن لە فراوانخوازی والییەکانی مەمالیک لە بەغداد و، تێکچونی پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان، بۆیە هەمیشە پشتیوانیان لە میرێک دەکرد وەکو بوکەڵەیێک بەدەست خۆیانەوە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بێت و گوێڕایەڵیان بکات و، لە هەمانکاتدا خواستەکانیان لە ناوچەکەدا بەدی بهێنێ(ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ل١٥٥ـ١٦٢؛ صوفی و پور: پاییز و زمستان١٣٩٢، ل٢٨ـ٣٣).

ناوچەکانی ژێر هەژمونی میرنشینی بابان پاش ڕوبەڕوبونەوە سەربازیانەی عەبدولرەحمان پاشا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی قاجاری و مەمالیک، بە شێوەیەک شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکچوبو، کە بوە هۆی داتەپینی باری ئابوری و نائارامی سیاسی و سەرهەڵدانی ڕکابەری و ململانێ لە نێو خانەوادەی باباندا، بەتایبەت دوای کۆچی دوایی عەبدولرەحمان پاشا، کۆمەڵێ ئاستەنگ سەریان هەڵدا کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کشتوکاڵ و لایەنەکانی تری ئابوری هەبو، کە سەرئەنجام بەشێکی دێهاتەکان وێران و تاڵانکران و خەڵکێکی زۆریش بۆ جێگای ئارامتر باریان کرد بەتایبەتی جوتیاران، هەر وەکو پیشەی هەمیشەیان قاجارییەکان لە هێرش و پەلامارەکانیاندا تاڵان و وێرانکاریەکی زۆریان لە گوندە کوردییەکان دەکرد، وەکو ئەوەی ساڵی(١٨١٣)، کە کێڵگەی کشتوکاڵی و باخ و بێستانێکی زۆریان وێران کرد و درەختەکانیان دەبڕیەوە و بەروبومەکانیان خەسار دەکرد، هەڵسوکەوتی لەشکری مەمالیەکانیش زۆر جیاواز نەبو لەهی قاجارییەکان، بەتایبەتی لەڕوی کوشتن و تاڵان و وێرانکردن، ئەو ڕەفتار و کردە بێ بەزەییانەش هەر بۆ ئەوە بو میرنشینی بابان بەرەنگاری هیچ هێرش و پەلامارێکی ئەوانی پێنەکرێت(ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ١٦٢).

یەکێکی تر لەو ئامرازانەی ئێرانییەکان لەدژی میرنشینەکە بەکاریان دەهێنا، وەرگرتنی پەنابەرانی بابان بو، کە بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتی میرنشینەکە ڕویان لە ئێران دەکرد، ئەو میرانە دو گروپ بون: ئەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دەسەڵات دورخرابونەوە، یاخود ئەوانەی خواستی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی میرنشینەکەیان هەبو، بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتەکە هەمیشە دەرگای کراوە بو، لاریان لەسەر کەس نەبوە، بۆیە دەبینین هەندێک لە ئەندامانی خانەوادەکە، ڕوکردنە دەوڵەتەکەیان کردبو بە پیشەی هەمیشەی خۆیان و، شارێکی گرنگی وەکو کرماشان بوبوە مەڵبەندی پەنابەران و، ژمارەیەکی زۆریان بەرەو ئەو ناوەندە کۆچڕەویان کردبو، بەئامانج بەدەستهێنانی دەسەڵاتی میرنشینەکە، دەوڵەتی ئێرانیش درێغی نەدەکرد لە هاوکاری و پشتیوانیان(نورس: ٢٠١٧، ل٢٠١ـ٢١٦؛ بابیوردی: ١٣٤٩، ص٥٣). لەم بارەیەوە زۆر نمونەی بەرچاو هەیە، بەڵام ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین زەقترینیان هەریەکە لە عەبدولرەحمان پاشا[٥] و کوڕەکەیەتی(مەحمود پاشا) کە چەند جارێک لەڕێگەی ئێرانەوە دەسەڵاتی میرنشینەکەیان بەدەست هێناوە( بابان: ٢٠١٢، ل٧٣ـ٨٤).

ڕێگایەکی تر کە دەوڵەتی ئێران لەهەمبەر میرنشینی بابان بەکاریدەهێنا بابەتی (بارمتە) بو، کە بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی قاجارییەکان زیاتر بەدی دەکرێت و، لە بەڵگەنامەکانی ئەو ماوەیە ڕەنگیداوەتەوە، دیارە ئەم ئامرازەش بۆ دروستکردنی لەمپەر و ڕێگری بوە لەبەردەم خواستی فراوانخوازی میرانی بابان، بۆ ئەم مەبەستە بە بەردەوامی لای دەرباری قاجاری داوای بارمتە لە عەبدولرەحمان پاشای بابان کراوە، بۆیە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیەکەیدا ماوەیکی زۆر مەحمود پاشای کوڕی بارمتە بوە و، کاتێکیش مەحمود پاشا لەدوای باوکی دەسەڵاتی میرنشینی بابان بەدەستەوە دەگرێت لەساڵی(١٨١٣)، دەبینین دەرباری قاجاری دەست



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەسەر هاوسەر و کوڕەکەیدا دەگرن و، وەکو بارمتە لای خۆیان گلیانداونەتەوە، کاتێکیش تێبینی ئەوەیان کردوە پاشای ناوبراو گوێی بەم فشارە نەداوە، ئەوسا دەسەڵاتداریەتی قاجاری نامەی فەرمیان ئاراستەی کاربەدەستانی عوسمانی کردوە و، لەنامەکەدا داوایان لێدەکەن گوشار بۆ مەحمود پاشا ببەن، بەڵکو بارمتەی تریان بۆ بنێرێت، شیاوی ئاماژەیە، لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشای ناوبراو دەوڵەتی ئێرانی بابەتی ناردنی بارمتەیان کردبوە نەریت و دەبوایە کوڕ و براکانی میری بابان لە کرماشان دابنرێن(باقی: ٢٠٠٢، ل٢٦، ٧٦، ٨٠، ٩٥).

بابەتی پەنابردنی میرانی بابان بۆ ئێران، هەندێ جار تەنگوچەڵەمەی دبلۆماسی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دروست دەکرد و، پرسی دانان و لادانی میرانی میرنشینەکە دەبوە مژاری گفتوگۆ و پەیوەندی نێوانیان(ئەمین: ١٩٩٨، ل١١٨؛ شمیم: ١٣٨٤، ص١١٢-١١٣). سەرەڕای ئەوەش زۆرجار سەری دەکێشا بۆ شەڕی خوێناوی لە نێوان ئەم دو دەوڵەتەدا و، ئەنجامەکەشی لێکەوتە و کارەساتی گەورەی مرۆی و ئابوری بەدوای خۆیدا دەهێنا لە ناوچەکەدا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سنندجی(فخرالکتاب): ١٣٧٥، ص١٨٧-١٩٣، ٢٠٣-٢٠٤؛ عەبدوڵڵا: ٢٠٢١، ل١٤١-١٤٤). وەکو ئاشکرایە هەمو ئەو شەڕانە لەسەر خاکی کوردستان بون و هەمیشە کەوا سوری بەر لەشکری هەردولا میرانی میرنشینی بابان بون.

بۆ نمونە لە سەردەمی مەحمود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشاوە هێزێکی ئێرانییەکان لە سلێمانی دەمایەوە، ئەمەش وای کرد کە بنکەیێکی لەشکری هەمیشەییان لە سلێمانی ناوەندی دەسەڵاتداری بابان جێگیر بو، کە بە بەردەوامی چەند سەد سەربازێکی ئێرانی تێدا دەمایەوە، ئەو هێزە ببون بە بارێکی گران بەسەر ورگی دانیشتوانی ناوچەکە(بڕوانە: ئەمین: ١٩٩٨، ل١٥٦). هەڵبەتە هەمو تێچو و پێداویستی ڕۆژانەی ئەو چەکدارانە لەسەر شانی خەڵکی نەداری میرنشینەکە بو، کە هەر خۆیان لایەنی داراییان زۆر خراپ بو، جێگیربونی ئەو هێزەش بوە سەربار، هێندەی تر باری لاری خەڵکی گران کرد بو. لەم بارەیەوە گەڕیدەیێک پێی وایە لەشکری ئێران لەهەر ناوچەیەکدا بێت چ لە ناوخۆیی وڵاتدا، یاخود دەرەوەی سنورەکانی لە توانای دانەبوە پێداویستییە سەربازییەکانی لەشکرەکەی دەستەبەر بکات، لەبەرئەوە پەنایان دەبردە بەر ڕاوەڕوت و تاڵانی(فرەیزەر: ٢٠٢٠، ل١١٠). ئەوەش وای کرد بو ناوچەکانی بابان دوچاری گرفتی گەورە ببنەوە بەدەست ئەو هێزە دەرەکییانە.

هەر لەو سەردەمە گەڕیدەیێکی وەکو فرەیزەر ئەو باردۆخە ناهەموارەی میرنشینی بابانمان بۆ وێنادەکات و، باس لە هەژاری و بێ دەرەتانی دانیشتوانی ناوچەکە دەکات، کاتێ ئێرانییەکان زۆریان بۆ سلێمان پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای دەسەڵاتداری ئەو کاتەی میرنشینی بابان هێنابو، بۆ دابینکردنی پێداویستی لەشکری، کە خۆیی دەبینیەوە لە داواکاری پێدانی دو سەد تومەن، بەڵام پاشای ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەی لەگەڵ دەوڵەمەندانی شاری سلێمانی کردبو، بە هەمویان ئەو بڕە پارە کەمەیان پێدابین نەکرابو(فرەیزەر: ٢٠٢٠، ل١١٢). لێرەدا دەپرسین ئەگەر دۆخی ئابوری دەوڵەمەندەکانی پایتەخت بەم شێوەیە بێت، دەبێ دۆخی چینەکانی تری شار و دێهاتەکانی ناوچەکە چۆن بێت لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی بابان؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

ڕەنگە هەر ئەو بارودۆخە ناهەموارە وای لە یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەکە کردبێت، کە دەرگای دڵی خۆی بۆ فرەیزەری گەڕیدە بکاتەوە و ڕازی خۆی بۆ دەربڕێ و پێی بڵێ: "ئێمە کوردین، خەڵکی ڕەنجدەر و ماندوین، لە دەشتایی و شاخەکاندا دەژین، بەداخەوە هیچمان نەماوە شانازیی پێوەبکەین، چونکە ئەوەی هەشمان بو لەناوچوە، ئێستا لەم بارودۆخە نالەبارەدا لە ژێر سایەی شازادە و پاشادا هەوڵی نانێک ئەدەین، خۆم و خەڵکی ئەم دێیەش نانی ڕەش ئەخۆین"، گەڕیدەی ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات، کە ئاغا چەند پارچە نانێکی ڕەش و هەندێک ماستی لەسەر سینییەک بۆ هێنانین و پێی گوتم: "سەیرکەن ئێمە چی دەخۆین، خۆمان وەکو وڵاخەکانمان جۆ ئەخۆین، جاران دەمانتوانی نانی گەنم بخەینە بەردەم میوانەکانمان، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژانە ڕۆیشت، ئێستا دەبێ بە نانی هەرزن قایل بین..."(فرەیزەر: ٢٠٢٠، ل١١٨). لە کاتێکدا بارودۆخی ئاغا بەم شێوەییە بێت، گومانی تێدانییە دۆخی گوندنشینان زۆر لە خوار هێڵی هەژارییەوە بوە لەو سەردەمەدا.

ئێرانییەکان بەردەوام بون لەسەر سیاسەتەکەیان بەرانبەر میرانی بابان، بۆ ئەمجارە شێوازی ناردنی نامەی نهێنیان پەیڕەوکرد، بەئامانجی دروستکردن پەشێوی و ناکۆکی و ناتەبای لەناو خانەوادەی میرانی میرنشینەکە، بەرچاوترین نمونەش بۆ ئەم سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی گێڕانەوەکەی (کلودیوس جەیمس ڕیچ ـ Claudius James Rich) (١٧٨٧ـ١٨٢١)ە، کە باس لە هەوڵەکانی شازادەی کرماشان[٦] لەم ڕووەوە دەکات، کاتێک نامەی نهێنی ئاراستەی هەریەکە لە عوسمان پاشای برای مەحمود پاشا و عەبدوڵڵا پاشای مامی دەکات، ناوەڕۆکی نامەکانیش خۆی بینیوەتەوە لە داواکاری سەردانی کردنی میرانی ناوبراو بۆ کرماشان و، بەخشینی دەسەڵاتی میرنشینەکە و، هەروەها لە دژ وەستانەوەی مەحمود پاشای دەسەڵاتداری ئەوکاتەی میرنشینی بابان، بۆ ئەم مەبەستە سەرەڕای بونی لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن لەنێوان ئەندامانی خانەوادەی بابان، بەڵام ئێرانییەکان سەرکەوتوبون، لە هەڵخەلەتاندنی عەبدوڵلا پاشا و هاندانی لە دژی برازاکەی، بەمەش جارێکی تر ئێرانییەکان لەم ڕێگایەوە دەستی خۆیان خزاندە نێو کاروباری میرنشینەکە( ڕیچ: ٢٠١٢، ل١٥٢ـ١٥٣؛ هروتي: ٢٠٠٨، ل١٤٣ـ١٤٤). بەمەش دوژمنایەتی و دژیەکی لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکە درێژەی کێشا و، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاگری ناکۆکییەکانیان زیاتر بڵێسەی دەسەند.

ئاشکرایە هەڵکەوتەی جوگرافی میرنشینی بابان یەکێکی تر بو لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە دەوڵەتی ئێران بە هەمان شێوەی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵی گرنگی خۆی بگێڕێت لە ململانێی و ناکۆکی ناوخۆیی میرانی میرنشینەکە. بۆ ئەم مەبەستە دەبینین گرنگی جیۆپۆلیتکی خاکی بابان وا هەڵکەوتبو لە نێوان بەرداشی دو دەوڵەتی ڕکابەر کە هەمیشە چاویان بڕیبوە داگیرکردنی ناوچەکە و، هەردو لایەن شوێنی میرنشینەکەیان زۆر لا مەبەست بو، بەدەروازە و ڕێگای گرنگیان دەزانی بۆ پێگەوسەنگی خۆیان لە دەڤەرەکە، لەبەر ئەم هۆیە هەوڵیان دەدا دەست بگرن بەسەر خاکی بابان و، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی میرنشینەکە گوێ ڕایەڵی ویستەکانی خۆیان بکەن، بەسەرنجدان بۆ سیاسەتی ئەم دو دەوڵەتە لە ماوە جیاجیاکانی مێژوی میرنشینەکە، دەبینین بە بەردەوامی خەریکی پیلانگێڕی و ئاژاوەنانەوە بون دژی دەسەڵاتدارانی بابان(بەگ: ٢٠١٨، ل١٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

لەلایەکی ترەوە، گرنگی هەڵکەوتەی میرنشینی بابان بۆ ئێران لەوەدابو نزیکەی (٤٤٠میل)ی سنوری هاوبەشی لەگەڵ میرنشینەکە هەبو(ڤاسیلیەڤا: ٢٠٠٩، ل١٥٤). ئەوەشیان ڕێگەی دەستوەردانی بۆ کاربەدەستە ئێرانیەکان زۆر ئاسان کردبو، بۆیە جگەلە لەشکر ناردن، هەمیشە پیاو خراپ و سیخوڕ و خەڵکی کرێگرتەیان دەناردە ناو میرنشینی بابان بۆ مەبەستی سیاسی و زیان گەیاندن بە ژێرخانی ئابوری میرنشینەکە(بابان: ٢٠١٢، ل١٠٩؛ بەرزنجی: ١٩٩٥، ل٥٢).

دیارە میرنشینی بابان لەبەر گرنگی شوێنە جوگرافیەکەی تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆرترین دەستوەردان و کاریگەری دەرەکی بەسەرەوە بوە، کە لەگەڵ هیچ میرنشینێکی تری کوردی هاوسەردەمی بەراورد ناکرێت، هەریەکە لە میرنشینەکانی (ئەردەڵان و سۆران و بادینان) زۆربەی کات تەنها هەڕەشەو گوشاری یەکێک لەم دو دەوڵەتانەیان لەسەر بوە، بەڵام میرنشینی بابان هەمیشە فشار و هەژمونی هەردو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەسەرەوە بوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ل١٩٥؛ خدر: نیسانی٢٠١٣، ل٢٢٣؛ بەرزنجی: ٢٠٠٤، ل١٢١). لەم بارەیەوە مێژونوس سەعد بەشیر ئەسکەندەر پێی وایە پێگەی جیۆسیاسی میرنشینی بابانی وابەستەی ئەو دۆخەی کردبو کە بەردەوام هەڕەشەی دەستخستنە ناو بارودۆخی ناوخۆیی هەبو، ئەمەش تایبەتمەندیەک بو کە جیای دەکردەوە لە دەسەڵاتداریەتیە خۆجێیەکانی تری کوردستان(ئەسکەندەر: ٢٠٠٤، ل١٣٣ـ١٣٤).

سەرەڕای ئەوانەش کێشەی میرانی بابان وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئاریشەی قوڵی لە پەیوەندی(عوسمانی و ئێرانی)دا دروست دەکرد و، ناوەندی دەسەڵاتداریەتی بابانیش بوە گۆڕەپانی پێکدادانی خوێناوی هەردو هێزی ناوچەکە و کۆتایەکەشی بە پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم(١٨٢٣) و پاشتریش بە پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی دوەم(١٨٤٧) هات، (محمود: ٢٠١٥، ل٩٢ـ٩٣).

سەبارەت بەڕێککەوتنامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم مادەی یەکەمی تایبەت کرا بو بە میرنشینی بابان، ئەگەرچی ماددەکانی پەیماننامەکە بەپێی ویست و داواکارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی داڕێژرابون و، بەرژەوەندی ئێران لە هەندێ مادەیدا ڕەچاونەکرابو، بەڵام ئێران بەمەبەستی ڕێککەوتن و ئاشتبونەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕازی بو بە واژۆکردنی، جێگەی باسە، لە نامە فەرمییەکانی کاربەدەستانی ئێران لەو سەردەمە دەردەکەوێ، کە ئێران قسەی لەسەر هیچ ماددەیەک نەبوە، تەنها ئەوەی پەیوەست بوە بە میرنشینی بابان، زۆر جەختیان لەوە کرد بوەوە، کە میرنشینەکە لەژێر هەژمونی ئەواندا بێت، بەڵام عوسمانییەکان پێداگربون لەسەر مانەوە و جێبەجێکردنی هەمو ماددەکانی پەیماننامەکە و، بەهیچ جۆرێ ملیان نەدا بۆ گۆڕینی هەر جۆرە دەستکارییێک، سەرئەنجام ئێرانیش بێ ئەوەی گوێ بداتە گلەیی پاشاکانی بابان، وەکو هەبو ڕەزامەند بو لە سەر پەیماننامەکە(ئەمین: ١٩٩٨، ل١٥٢ـ١٥٥).

شیاوی ئاماژەیە، پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم ڕێگە چارەی بۆ زۆر لە کێشەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دانا بو، بەڵام کۆتایی بە ناکۆکییەکان نەهێنا، گفتوگۆ و کێشمەکێش لە نێوان هەردو دەوڵەت بەردەوام بو، ڕوسیا و بەریتانیا کەوتبونە نێوانیان بۆ نزیک کردنەوەی باری سەرنجی هەردولا لە یەکتری،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

ئەوانیش لە کۆبونەوەکانیاندا بەشداریان ئەکرد و، بیر و بۆچونی خۆیان لەسەر بابەتەکان دەرئەبڕی، سەرئەنجام هەردولا گەیشتنە ڕێککەوتنی ئەرزەڕۆمی دوەم، لەم ڕێککەوتنەدا، پێیان لەسەر بەندە گرنگەکانی ڕێککەوتنی ئەرزەڕۆمی یەکەم داگرت بو و، هەندێ کێشەی گرنگی تریان بەلادا خست، لە بابەتی کوردستانیشدا ئاڵوگۆڕێکیان کرد و ڕێککەوتن، بەشێک لە ماددەی دوەمی ڕێککەوتنەکە بۆ ئەمە تەرخانکرا بو، ئەوەی پەیوەستە بە میرنشینی بابان لە ماددەکەدا هاتبو: "دەوڵەتی ئێران بە توندی بەڵێن ئەدا کە وازبهێنێ لە هەمو خواستەکانی خۆی لە شار و ویلایەتی سلێمانی و، هیچ کاتێ دەستوەرنەداتە مافی خاوەنێتیی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ناوچەکەدا هەیبوە"(بڕوانە: ئەمین: ١٩٩٨، ل١٦٤).

ئەم دو پەیمانە جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانی و ئێرانییان ڕێکخستەوە و، کێشە سنورییەکانی خۆیان بەلادا خست و، بنچینەی سیاسەتی هاوبەشی هەردو دەوڵەتەکەی بەرانبەر بە دۆزی کورد دانا و، یەکێک لە دەرئەنجامە ڕاستەوخۆکانیشی نەخشە ڕێگای لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان بو(محمود: ٢٠١٥، ل٩٢-٩٣). کە میرنشینی بابانیش یەک بوە لەو دەسەڵاتداریەتییە ناوچەیانەی کە بە کاریگەری ئەم پەیماننامانە بۆ هەمیشە خۆری حوکمڕانی ئاوابو و کۆتایی پێهێنرا.

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتوین:

١- دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی والییەکانی بەغدا ڕۆڵی گەورەیان لە دروستکردنی ناکۆکی ناوخۆیی لە نێو میرانی بابان گێڕاوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش بە شێوەیەکی فراوان کەڵکیان لە سیاسەتی(پەرتکە و زاڵبە) وەرگرتوە.

٢- والییەکانی بەغدا بۆ نانەوەی ناکۆکی لە نێو میرانی بابان سودیان لەچەند ڕێگا و ئامرازێک وەردەگرت، وەکو: دانانی دو میر لەسەر میرنشینەکە لە یەک کاتدا، ناردنی نامە بەنهێنی بۆ بەشێک لە ئەندامانی خانەوادەی بابان، پێشوازیکردن لە میرە ناڕازییەکانی بابان و گلدانەوەی بەشێک لە کوڕ و نزیکەکانی فەرمانڕەواییانی بابان وەکو بارمتە لە شاری بەغدا.

٣- دەستەڵاتدارانی ئێران بە تایبەتی قاجارەکان بەهەمان شێوەی عوسمانییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە ناکۆکییەکانی نێو میرانی بابان گێڕاوە و، پەیڕەویان لە بەکارهێنانی هەمان ئامراز و ڕێگای تورکەکان بۆ دروستکردنی ڕق و کینە لە نێو میرانی بابان کردوە.

٤- هەڵکەوتەی جوگرافی میرنشینەکە و دەستەڵاتخوازی و ناهۆشیاری میر و شازادەکانی بابان زەمینەی لە بارتر کرد بو، بۆ ئەوەی دەستەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی دەست بخەنە ناو کاروباری میرنشینەکە و بە ئارەزوی خۆیان میرانی بابان بەکاربهێنن و، هەر کاتێک مەبەستیان بوایە بەگژ یەکیاندا دەکردن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

## پەراوێزەكان:

١ـ نادر شای ئەفشار: لە سەرەتادا ناوی (نادر قولی)بوە، لە ناوچەی دەرگەزی خوراسان لە ساڵی(١٦٨٨) لە دایکبوە، ڕەچەڵەکی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ تیرەی(کرکلو)ی سەر بەهۆزی(ئەفشار یاخود ئەوشار)ی تورکمانی. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کەسایەتی و ماوەی فەرمانڕەوایی نادر شا(بڕوانە: کەریم، ٢٠١٤، ل٦١ و دواتر).

٢ـ زەندییەکان: زۆربەی ئەو مێژونوسانەی لەبارەی مێژوی زەندییەکان دواون لەسەر ئەمە کۆکن کە هۆزی(زەند) بەشێکن لە لوڕەکان، کە لە پێش دەرکەوتنی کەریم خانی زەند لەسەر شانۆی سیاسی ئێران ناوبانگێکی ئەوتۆیان لەمێژودا نەبوە و، ئەم مێژونوسانە پێیانوایە کە زەندییەکان هۆزێکی گەورەی کوردن کە لە ناوچە لوڕنشینەکاندا دەژین و لەڕوی مەزهەبییەوە شیعەی دوازدە ئیمامین و، بە شێواز و زاراوەیەکی کوردی ئاخاوتن دەکەن(بۆ زانیاری پتر لەبارەیانەوە بڕوانە: حاجی: ٢٠٠٦، ل٤٠ـ٦٧؛ الجاف: ٢٠٠٨، ص١٢٥ـ١٥١).

٣ـ کەریم خانی زەند: لە ناوچەی مەلایەر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوە، لە نێوان ساڵانی(١٧٥١ـ١٧٧٩)، دەستەڵاتی ئێران بە دەستەوەگرتوە و بۆتە شای ئەو وڵاتە(بڕوانە: صاڵح: ٢٠٠٥، ل٨٣٢).

٤ـ قاجارییەکان: هۆزێکبون بە بنەچە لە ڕەگەزی مەغول و بەدیاریکراوی لەو هۆزانەن کە لەگەڵ تەتەرەکان لەسەردەمی جەنگیزخان و جێنشینانی ئەودا لە مەغۆڵستانەوە ڕویان لە هەرێمەکانی شارستانیەتی ئیسلامی کردوە و، لە نێوان شام و ئێراندا بەتایبەتی لەسەر سنوری ئەرمەنستان نیشتەجێبون، لە نێوان ساڵانی(١٧٩٥ـ١٩٢٥)دا دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە بوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەیانەوە(بڕوانە: نیا: ١٣٨٣، ص١٩٥؛ پیتراوری، و دیگران: ١٣٨٧، ص٥ـ١٣).

٥ـ شیاوی ئاماژەیە، عەبدولرەحمان پاشای بابان لە نێوان ساڵانی(١٧٨٩ـ١٨١٣)، شەش جار دەستەڵاتی میرنشینی بابانی وەرگرتوە و لادراوە، لەو شەش جارە، سێ جار بە یارمەتی و پشتیوانی ئێرانییەکان دەستەڵاتی میرنشینەکەی وەرگرتوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مارف: ٢٠١٥، ل٢١ـ١١٢).

٦ـ شازادە محەمەد عەلی میرزا کوڕی فەتح عەلی شای قاجار بو، کە ناسراوە بە(دەوڵەتشا) و هەرێمی کرماشانی پێسپێردرا بو، لە دایکێکی خانەوادەی قاجاری نەبو، بەڵکو خەڵکی گورجستان بو، دوای ئەوەی لە ساڵی(١٨٢١) هێزێکی زۆری بردە سەر داود پاشا بۆ گرتنی بەغداد، بەڵام لە ڕێگا لە(دەلی عەباس) بەنەخۆشی کۆلێرا مرد(بڕوانە: محمود: ٢٠١٥، ل٥٢).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

# The Role of Ottomans and Iranians in the Internal Conflicts Between the Baban Princes

**Shwan Shexa Qarani**
Department of History, College of Humanity Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shwan.shekha@uor.edu.krd

**Hawkar Muheddin Jalil**
Department of History, College of Humanity Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hawkarjalil@uor.edu.krd

**Abstract:**

It has been obvious that the Baban emirate was one of the most essential، prominent and dynamic Kurdish-emirate. Baban emirate was a wide area of ruling for a long time in the modern history of Kurdistan. It has played a significant role in the Kurdish History، mainly in the relation with the Othman empire and the different Iranian kingdoms. Since، it has been clearly seen that the Othman and Iranian powers used many different methods and tools against this emirate. One of these methods was to encourage the ruling members of Baban emirate fight against each other and create internal issues. At the sometime، these outside powers used the Baban princes for their own interests. The main aim of these outside political authorities was to prevent the expansion and growth of this Kurdish emirate. Accordingly، this research is written to enlighten and indicate the role of Othman and Iranian empires in the internal-conflicts of the Baban Princes.

**Key words:** Baban Emirate, Influence, Disputaton, Ottoman, Iranian.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9**

## سەرچاوەکان:


ئەمین، نەوشیروان مستەفا(٢٠١٥)، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین/ چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم، بەرگی دوەم، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا(١٩٩٨)، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپەمەنی خاک، سلێمانی.

بابان، جەمال(٢٠١٢)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

بابانی، عەبدوالقادر ڕۆستەم(١٣٩٣هەتاوی)، ڕەوشی کوردان(مێژووی کوردستان)، وەرگێڕانی: کەریم حیسامی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی تەوەکولی ـ تاران.

باقی، محەمەد حەمە(٢٠٠٢)، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی(٢٠٠٤)، محەمەد پاشای ڕەواندوز/ لێکۆڵینەوەیەک لە کەسایەتی و قۆناغی حوکمەکەی لەڕوانگەی ئایینی و دەروون ناسییەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

بەگ، سالار عەبدوڵڵا ئەحمەد(٢٠١٨)، ڕەوتی مێژووی فەرمانڕەوایانی بابان و بنەماڵەی خدربەگی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڤاڵ، هەولێر.

حسن، قادر محمد(٢٠١٣)، هەندێک لە تایبەتمەندیە مێژوویەکانی میرنشینی بابان، پرۆسیدینگی یەکەم کۆنفراسی ئەکادیمی نێودەوڵەتی دەربارەی کورد و کوردستان لە مێژوودا (کورد و کوردستان لەسەردەمی عوسمانی) دا، هەولێر.

حوزنی، حوسێن(٢٠٠٧)، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

زەکی، محەمەد ئەمین(١٩٣٩)، تەئریخی سلێمانی و وڵاتی لە دەوری زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتیلال، چاپخانەی النجاح، بەغداد.

عەبدوڵڵا، نەجاتی(٢٠٢١)، کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی ـ عوسمانی(١٦٣٩ـ١٨٤٧ز)، چاپی یەکەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.

قەفتان، صالح(١٩٦٩)، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپخانەی سلمان الاعضمي، بەغداد.

کەریم، مستەفا محەمەد(٢٠١٤)، پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لە سەردەمی نادرشا ئەفشاری(١٧٣٦ـ١٧٤٧ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

کەریم، خالد مەحمود(٢٠١٩)، باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مارف، عومەر ئیسماعیل(٢٠٢٠)، دوازدە سوارەی مەریوان ڕۆڵ و کاریگەری لەناو هێزی سەربازی میرنشینی(بابان)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مارف، عومەر ئیسماعیل(٢٠١٥)، ئەورەحمان پاشای بابان(١٧٨٩-١٨١٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

محەمەد، ئاکۆ بورهان(٢٠١٨)، مێژووی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

هەروتی، سەعدی عوسمان(٢٠١٣)، چەند لایەنێکی مێژووی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەسکەندەر، سەعد بەشیر(٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێڕانی: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

بەگ، حسێن نازم(٢٠١٣)، مێژووی میرایەتیی بابان، وەرگێڕانی: حسێن حسن کەریم و سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بورکان، کەمال(٢٠٠٨)، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: علی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
جەلیل، جەلیلی(١٩٨٧)، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: کاوس قەفتان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد.
ریچ، کلودیوس جەمیس(٢٠١٢)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: محەمەدی حمە باقی، چاپی پێنجەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.
فرەیزەر، جیمس بیلی(٢٠٢٠)، گەشتەکەی فرەیزەر بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا لە ساڵی ١٨٣٦زایینی، وەرگێڕانی: نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
ڤاسیلیەڤا، ی . ئی(٢٠٠٩)، کوردستانی خواروری ڕۆژهەڵات/ لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە/ کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان، وەرگێڕانی: ڕەشاد میران، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
کوردستانی، مەستوورەی(٢٠٠٢)، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێران و لێکۆڵینەوەی: هەژاری موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
نورس، علاء موسی کاظم(٢٠١٧)، فەرمانڕوایی مەملەکەکان لە عێراق(١٧٥٠ـ١٨٣١ز)، وەرگێرانی: عوسمان عزیز عەللاف، ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپخانەی تاران.
نیبور(٢٠١٣)، گەشتی نیبور بۆ عێراق لە سەدەی هەژدەدا، وەرگێڕانی: هەندرێن عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

الجاف، حسن كريم(٢٠٠٨)، الوجيز في تاريخ ايران، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، مطبعة مؤسسة ئاراس، اربيل.
رؤوف، عماد عبدالسلام(٢٠١٢)، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد وحضارتهم، دار الزمان للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، دمشق ـ سوريا.
عبدالله، ايناس سعدي(٢٠١٤)، تاريخ العراق الحديث ١٢٥٨ـ١٩١٨، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر، بغداد.
العزاوي، عباس(٢٠٠٠)، شهرزور السليمانية(اللواء و المدينة)، تحقيق: محمد علي القرهداغي، الطبعة الاولى، مطبعة السالمي، بغداد.
هروتي، سعدي عثمان(٢٠٠٨)، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان، مؤسسة موكرياني للنشرـ اربيل، الطبع الاول، مطبعة خاني، دهوك.
باشا، احمد جودت(١٣٠٨)، تاريخ جودت، ترجمة: عبدالقادر افندى، المجلد الاول، مطبعة جريدة، بيروت.
الكركوكلي، رسول(دون تاريخ الطبع)، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، ترجمة موسى كاظم نورس، مكتبة النهضة، بغداد.

بايبوردى، حسين(١٣٤٩)، تاريخ پناهندگان ايران( از عصر صفويه تا اواخر قاجاريه)، انتشارات وحيد، تهران.
سنندجى(فخرالكتاب)، ميرزا شكرالله(١٣٧٥)، تحفه ناصرى در تاريخ و جغرافياى كردستان، مقابله و تصحيح: دكتر حشمت الله طبيبى، انتشارات امير كبير، چاپ دوم، تهران.
شميم، على اصغر(١٣٨٤)، ايران در دوره سلطنت قاجار، چاپ١١، مؤسسه انتشارات مدير، تهران.
نيا، فريدون اسلام(١٣٨٣)، نگاهى به تاريخ ايران بعد از اسلام، چاپ اول، انتشارات حسينى اصل، اروميه. ٥- پيتراورى، و ديگران(١٣٨٧)، تاريخ ايران كمبريج، ترجمه: تيمور قادرى، چاپ سوم، جلد هفتم(قسمت دوم)قاجاريه، انتشارات مهتاب، تهران.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9

بەرزنجی، عثمان عبدول معروف(١٩٩٥)، ڕۆڵی شاری سلێمانی لە ئەدەبیاتی کوردی دا تاکۆتایی سەردەمی بابانەکان، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

حاجی، نعمەت شەهاب(٢٠٠٦)، کوردستانی ڕۆژهەلات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.

خدر، عمر خدر(٢٠١٣)، میرنشینی ئەردەڵان(١٧٩٩ـ١٨٦٧ز)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

عەبدولقادر، نازناز محەمەد(٢٠٠١)، میرنشینی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

محمود، نعمت علی(٢٠١٥)، میرنشینی ئەردەڵان و دەوڵەتی قاجاری ، نامەی ماستەر، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

محەمەد، ئاکۆ بورهان(٢٠٠٨)، میرنشینی بابان، مێژوو(گۆڤار)، ژمارە(٦).

صوفی، علی رضا و پور، صالح امین(١٣٩٢)، بازخوانی و بررسی اسنادی تاریخی درباره نقش طایفه بابان در روابط ایران و عثمانی، دو فصلنامه پژوهشنامه تاریخ های محلی ایران، سال اول، شماره سوم.

صاڵح، یاسین صابر: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

الكيالي، عبدالوهاب واخرون(١٩٩٤)، موسوعة سياسة، الجزء الثالث، المؤسسة العربية للدراسة والنشر، بيروت.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper9**